کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:53 10-4-2007

## جەلال تاڵەبانی... یەک هەڵوێستی کوردانەم لێت بدیایە!!!! ... هەڵۆی سوور

دیارە هەڵوێستی مەسعود بارزانی نەك ئێستا بەڵكو لە ماوەی ئەو (16) ساڵەی رابردوودا، پڕ لە هەڵوێستی نەتەوەیین و، هەر بوونی ئەو هەڵوێستانەیشیەتی لە لای گەلی كورد خۆشەویست بووە و خەڵك بە شانازییەوە باسی دەكات و دەڵێن سەرۆكی كوردان، بە شێوەیەك كەس ناتوانی تەنانەت مونافەسەیشی بكات، لە سەرووی هەموویانەوە جەلال تاڵەبانی، چونكە جەلال تاڵەبانی، لەناو خودی حزبەكەشیان جگە لەوەی گرفتیان زۆرە، بە داخەوە خۆیشی زۆر شاتی باتییە، بۆیە مخابن بەو تەمەنەی و لەم ئاخیرو ئۆخرەی تەمەنی كە هەر كاتێك دڵی راوەستی، رادەوەستی، كەچی بی ئەوەی گوی بداتە تەمەنەكەی و هەست و شعوری گەلی كورد نەك هەر لە كوردستان، بەڵكو لە دەرەوەو لە توركیاش، تەلەفۆن بۆ سەردارانی حكومەتی توركیا دەكات و داوای لێبووردنیان لیدەكات، لە بەرامبەر هەڵوێستە كوردانەكەی سەرۆك مەسعود بارزانی، وەك ئەوەی كورد تاوانی بەرامبەر توركیا كردبێت، لە كاتێكدا توركیا تا ئێستا مامەڵەیەكی زۆر دوژمنانەو ناسەردەمانە دەكات لە گەڵ كوردەكانی كوردستانی توركیا.

تاڵەبانی لەبیری چوو بۆ نەورۆزی ئیمساڵ توركیا چی كارێكی ناشیرینی كرد، بە شێوەیەك لە حكومەتە شموولیەكانیش هەر ئاوا دەكرێت، نەیهێشت كەس جەژنی نەورۆز كە جەژنێكی نەتەوەییە پیرۆز بكات، كەچی لە بەرامبەر ئەوەدا تاڵەبانی خێرا داوای لێبووردن لە توركیا دەكات، باشە تاڵەبانی لە خۆی ناپرسی، كورد لە توركیا بۆچی رێگەیان پی نەدری ئاهەنگی جەژنی خۆیان بگێڕن؟، جارێك لە خۆی ناپرسی بۆچی ئەو دەردە بدرێتە پەكەكە، ئەی ئەوە نییە چەندین جارە و یەك لایەنە ئاگربەستی راگەیاندووە، كەچی توركیا هەر باس لە سڕینەوەوی پەكەكە دەكات؟؟، دوای ئەم هەموو رووخانی دیكتاتۆرییەت و سەركەوتنی ئەم هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازانە، كەچی نە توركیا عەقڵێكی وەرگرت، نە جەلال تاڵەبانیش سوودێكی لەم هەموو ئەزموونە تاڵەی خۆی وەرگرت، ئێستاش بەو هەڵوێستانەی رۆژ لە دوای رۆژ جەماوەرەكەی ئەوەی هەشییەتی نامێنی و دڵنیام وەكوو برایم ئەحمەد زۆر بەكزی سەردەنێتەوە كە تا ئێستا خەڵك هەڵوێستێكی دەستپێشخەرانەی جەلال تاڵەبانی یان لەبەرچاو نییە، چونكە بەداخەوە لەم بارەیەوە زۆر هەژارە. بەڵام دەبێت ئیتر تاڵەبانی بەخۆیدا بێتەوە و بەر لە مردنی دوو هەڵوێستی كوردانە نیشان بدات، نەك ئەم هەموو پشی پشییە بۆ توركان، كە هەموو كورد نەعلەت لە هەڵوێست و كەسایەتی وا دەكات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.